لەم ژمارەیەدا

ل3 نرخی دیموکراسی لەهەبوونی ئۆپۆزیسیۆندایە

ل4 بەرگ درووەکان و گران دروویی جل و بەرگ

ل5 کەرکوک یان بەلەد

ل7 دەسەلاتی رۆشنبیری و رۆشنبیریی دەسەلاتی سیاسی

گەلی کوردستان

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە, حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (150) یەکشەممە 2006/6/11

گالبرەیت: چارەسەری ڕەوشی نا ئارامیی بە سێ هەرێمی دەبێ

پیتەر گالبرەیت باڵێوزی پێشووی ئەمریکا لەکرواتیاو سیاسەتمەدارو لێکۆڵەری ناسراو لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ هۆمەری شێخ موسی سەرۆکی بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکادا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە رەوشی نائارامی عێراق تەنیا بەوە چارەسەر دەبێت کە عێراق بۆ سێ هەرێمی جیاواز دابەشبکرێ. ئەو پێیوایە کوژرانی زەرقاوی بەم نزیکانە کاریگەری لەسەر رەوشی ئاسایشو هێمنایەتی نابێ، هەرچەندە کاریگەری لەسەر رای گشتی ناوەخۆی ئەمریکا دەبێ.

مووچەی وەزیری حکومەتی هەرێم لەهەندێ سەرکۆمار زیاترە

رۆژنامەی ئێل موندۆی ئیسپانیا لەراپۆرتێکی خۆیدا مووچەی سەرکۆماری وڵاتانی جیهانی لەلیستێکدا ریزبەندی کردووە. لەو لیستەدا جۆرج دەبلیو بووشی سەرکۆماری ئەمریکا بەمووچەی مانگانە بیست و دوو هەزارو هەشت سەدو سی و چوار یۆرۆ یەکەمین و سەرکۆماری بولگاریاش بەمووچەی مانگانە 900 یۆرۆ دواینی لیستەکەیان

پڕکردۆتەوە. ئەگەر مووچەی سەرکۆماری بولگاریاو چەندین وڵاتی دیکە لەگەڵ مووچەی مانگانەی وەزیرانی حکومەتی هەرێمو مووچەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەراورد بکەین، دەردەکەوێ کە وەزیرانو پەرلەمانتێرانی کوردستان زۆر لەو سەرکۆمارانە زیاتر وەردەگرن. مووچەی وەزیر 3500 دۆلار و مووچەی پەرلەمانتێریش 3000 دۆلارە. هەروەها لەبەراوردێکدا سەبارەت بەو موڵکو زەویانەی کە حزبە دەستەلاتدارەکانی دونیا بۆ خۆیان گلیان داوەتەوەو دەستیان بەسەردا گرتوون، دەرکەوتووە کە حزبە دەستەلاتدارەکانی وڵاتانی ئەورووپا کاری لەو بابەتەیان نەکردووە، تەنانەت حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیش بەدرێژایی تەمەنی خۆی دەستی بەسەر موڵکی گشتی دانەگرتبوو. لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کیشوەری ئەفریقادا هەندێ لەو حزبانەی لەرێگەی کۆدیتاوە دەستەلاتیان بەدەستەوە گرتووە، هەندێ کاری لەو بابەتەیان کردووە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەدرێژایی 15 ساڵی رابردوو ژمارەی پێوانەییان لەو بوارەدا تۆمارکردووە، دەیان موڵکی گشتیو موڵکی حکومەتیان لەسەر خۆیان تاپۆکردووە یان بەنرخێکی رەمزیو بەبێ هاوڕێ بۆ خۆیان گلیان داوەتەوە، کە بەدەیان باڵاخانەو زەوی کشتوکاڵیو هاوینەهەوارو کارخانەی دەوڵەتیو بەنزینخانەی جۆراوجۆر دەخەملێنرێن.

رۆژەڤ

لەسەردەمی جیهانگیریو گشتگیریدا حکومەتی بێ رۆژنامەو بێ تەلەفزیۆنی سەرتاسەری یان بەبێ کەناڵی ئاسمانی دەگمەنە، بەڵام هەزاران حزبی زلهێزو دەستەلاتدار هەن. نە رۆژنامەی رۆژانەو نە تەلەفزیۆنی سەرتاسەرییان هەیە. ئەم رەوشە تەواو پێچەوانەی باشووری کوردستانە. لەباشووری کوردستاندا بوودجەی حزبە زلهێزەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین دەکرێ. رۆژنامەی رۆژانەو ئێستگەی تەلەفزیۆنی ناوچەیی و کەناڵی ئاسمانی جۆراو جۆریان هەیە، کەچی حکومەتی هەرێمی کورستان نە رۆژنامەو نەڕایەڵەی ئاسمانی هەیە.

حکومەتەکانی وڵاتان لەدەستپێکی کارەکانیاندا دەزگای راگەیاندن ئەکتیف دەکەن، رۆژنامەی تایبەت بەخۆیانو وێستگەی تەلەفزیۆنی دادەمەزرێنن. ئەگەر تا ئێستا حکومەتی هەرێم بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاوی نەهاویشتووە، یان حکومەت بەرژەوەندی حزبی دەستەلاتداری پێ گەورەو پیرۆزتر بووە، یان توانای پساندنی کۆتو زنجیری حزبی نەبووە. یان خۆویستانە بایەخو گرنگی بەچەمکی رۆژنامەوانی راگەیاندن نەداوە، یان خۆی لەخۆیدا کەمتەرخەم بووەو نەپرژاوەتە سەری.

ئێستا هەردوو ئیدارە یەکیان گرتۆتەوە. کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم پێکهاتووەو دەست بەکارە، بەڵام دیسانەوە حکومەت بەبێ رۆژنامەو بەبێ کەناڵێکی ئاسمانیە. راگەیاندنی حزبەکان تەنیا ئەو هەواڵو چالاکیانە بڵاودەکەنەوە کە تایبەت بەئەندامانە. راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زیاتر چالاکیەکانی سەرکۆماری عێراقو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەت بڵاودەکەنەوە. راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش جەخت لەسەر چالاکیەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی هەرێمو جێگری پەرلەمانی کوردستان دەکاتەوە. راگەیاندنی حزبە بەشداربووەکانی حکومەتیش چالاکی وەزیرەکانی خۆیان گەورە دەکەنەوە. لەم نێوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەر حکومەتی خەڵك بێ، بێ رۆژنامەو بێ کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنە. ئەگەر بەرنامەڕێژی وردبینی لەکارەکانو بوودجەی حکومەتدا هەبێ، دامەزراندنی رۆژنامەی رۆژانەو کەناڵی ئاسمانی سەخت نیە. چونکە ئەو مووچەو دەرمالانەی بە وەزیرە بێ وەزارەتەکان دەدرێن، زۆر لەوە زیاترەو دەکرێ رۆژنامەی رۆژانەو کەناڵی ئاسمانی پێ دابین بکرێو بەڕێوە ببرێن. لەم پێوەندیەدا دەڵێین: ئەگەر کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانی بێ بەرانبەر بەراگەیاندنی فەرمی حکومەت بەرپرسیارێتی بنوێنن، پێویستە کابینەی پێنجەم بەزووترین کات بەرپرسیارێتی لەئەستۆبگرێ، رۆژنامەی رۆژانەو ڕایەڵەی ئاسمانی تایبەت بەحکومەتی هەرێم دابمەزرێنێ.

کوشتنی زەرقاوی لێکدانەوەی جۆراوجۆر دێنێتە ئاراوە

کوژرانی ئەبو مەسعەب زەرقاوی سەرۆکی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەوڵاتی رافیدەیندا، لێکدانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە. جۆرج بووش سەرۆکی ئەمریکا کوژرانی زەرقاوی لەشەڕی دژ بەتیرۆردا بەسەرکەوتنێکی گەورەی نرخاندو رایگەیاند کە رێگە کورت دەکاتەوەو شەڕەکە دەبەینەوە. تاڵەبانی سەرکۆمارو مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراقیش خۆشحاڵی خۆیان بەکوژرانی زەرقاوی دەربڕیو بەسەرکەوتنێکی کەم وێنەیان دانا. رێکخراوی ئەلقاعیدەش رایگەیاند کە مەرگی رابەرمان ژیانی ئێمەیە، زەرقاوی بەپلەی شەهادەت گەیشتووەو ئێمە ماوین. مەلا عومەر سەرۆکی رێکخراوی تالیبانی ئەفگانستان لەروداوەکەی کەم کردەوەو رایگەیاند کە هەموو موسڵمانێك لەجێگەی خۆیدا زەرقاویە. ڤالتێر بۆشیە پسپۆڕی پەیمانگەی یەکێتی ئەورووپا بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسایشی، کوژرانی زەرقاوی بەهەند وەرنەگرتو رایگەیاند: دەبێ خۆمان لەگەورەکردنەوەی ئەو هەواڵە بپارێزین، چونکە لەشەڕی تیرۆردا ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە نیە، باوەڕناکرێت یارانی زەرقاوی بەنەمانی ئەو بڵاوەی لێبکەنو نەمێنن. ژۆن هاوەرد سەرۆکوەزیرانی ئوسترالیا گوتی: کوشتنی زەرقاوی کۆتایی بەتیرۆر ناهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمریکی. زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمریکا پشتێنەی رێکخستنی ئەلقاعیدەی بەزاندووەو توانیویەتی گەرای خۆی دەنێو دابنێ. لەداوخستنی زەرقاویش بەرهەمی یەکەمی ئەو گەرایەیە. هەندێکی دیکە پێیانوایە کە رێکخراوی ئەلقاعیدە بۆخۆی ئاسانکاری کردووە تا زەرقاویان لەکۆڵ بێتەوە، نەوەکو لەداهاتوودا دەستەلاتی فراوانتر ببێو کۆسپو تەگەرەیان بۆ دروست بکات. وێرای ئەوەی دەیان لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ نەمانی زەرقاوی هاتۆتە ئاراوە. چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کوژرانی زەرقاوی رەوتی توندوتیژی لەعێراق دەگۆڕێ، بەڵام کۆتایی بە شەڕو ئاژاوەو کوشتار ناهێنێ، ناشزانرێ ئایا رەوشەکە بەرەو خراپتر دەڕوات یان نا؟!.

تورکیا بارەگەی (سی ئای ئەی)یە



دیك مارتی پەرلەمانتێری کۆنسەی ئەورووپا کە بۆخۆی خەڵکی وڵاتی سویسرایە، لەو راپۆرتەی کە سەبارەت بەهەڵفڕینی فڕۆکەکانی سیخوڕی ئەمریکا بەئاسمانی وڵاتانی ئەورووپاو گواستنەوەی زیندانیان ئامادەیکردووە، ئاماژە بەوە دەدات کە دەزگای سیخوڕی ئەمریکا (سی ئای ئەی) بێپەروا ئاسمانی وڵاتانی ئەورووپای بەکارهێناوە، ئەو گیراوانەی پێداگوازرتۆتەوە کە بەنهێنی دەستگیری کردوون. بەگوێرەی راپۆرتەکە 14 وڵاتی ئەورووپا لەو پێوەندییەدا هاوکاریی ئەمریکایان کردووە. تورکیا، ئیسپانیا، ئەڵمانیاو قوبرس وەکو بارەگەی دەزگای سیخوڕی، ئیرلەندا، یۆنانو هۆڵەنداش وەکو بنکەی گواستنەوە بەکارهێنراون. ئینگلستان، سوید، ئیتالیا، بۆسنەو هەرزەگۆڤین، مەکدۆنیاش زانیارییان بەئەمریکا داوەو هاوبەشی تۆپەراسۆنەکانیان کردووە. لەپۆڵۆنیاو رۆمانیاش زیندانی نهێنی دروست کراونو بەکاتی سوودیان لێوەرگیراوە.

دیك مارتی جەخت لەسەر رۆڵی تورکیا دەکاتەوەو دەنووسێ: تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین هاوکاری سی ئای ئەی کردووە، لەراستیدا وەکو بارەگەی سەرەکی سی ئای ئەی لەئەورووپا سوودی لێوەرگیراوە.

رۆژی هەینی 9-6-2006 سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەشوێنی حەوانەوەی خۆی لەکامپ دێڤید بۆ یەکەمین جار دانی بەوەدانا کە سی ئای ئەی لەوڵاتاندا تۆمەتبارانی دەستگیر کردووەو بەنهێنی گیراوانی گواستۆتەوە، ئەمەش بەشێك بووە لەسیاسەتی وڵاتەکەی، بەڵام لەکاتی گواستنەوەی زیندانیەکاندا مافی ئەو وڵاتە پارێزراوبووە کە رەفتاریان لەگەڵدا کردوون، ئەمە بە زۆرەکی نەبووە.

مارادۆنا سەعات دەکرێ

مارادۆنا یاریزانی ناوداری ئەرژەنتین رۆژی سێ شەممەی رابردوو لەکاتێکدا بەمەبەستی ئەنجامدانی یارییەکی خێرخوازانە بەرەو شاری ناپۆلی دەڕۆیشت لەداوی پۆلیسی گومرگ کەوتو سەعات کرا!. پۆلیس پێشتر فەرمانی ئەوەی لەدادگە وەرگرتبوو لەهەرشوێنێ مارادۆنا ببینێ، رایبگرێو هەر شتێکی گرانبەهای پێ بێت لێی بسێنێ، چونکە ناوبراو 39 ملیۆن دۆلار قەرزارەو قەرزەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە لەتیپی ناپۆلی لەنێوان ساڵانی 1984تا 1990 یاریکردووە.

مارادۆنا پێیوایە دانەوەی قەرزەکە لەئەستۆی تیپی ناپۆلی بووە. پۆلیسی گومرگ لەداوخستنی مارادۆنا بەسەرکەوتن دادەنێو پییوایە ئەگەر ئەو دوو سەعاتە دەستیەی لەمارادۆنا سەندراون لە هەڕاجێکی ئاشکرادا بفرۆشرێن، لەبەر ناوداری مارادۆنا پارەیەکی باش دەکەنو دەکرێ بەشێك لەقەرزەکانی پێبدرێتەوە. نرخی هەردوو سەعاتەکەی دەستی مارادۆنا دەگاتە 10 هەزار یۆرۆ. پۆلیس دەڵێ: کاتێ مارادۆنا سەعات کرا، بەپێچەوانەی رەوشتی رابردووی زۆر بەئەدەبەوە هەڵسوکەوتی کردو رێزی لەپۆلیسەکان گرتو هیچی نەگوت.